

سالار ئیسماعیل سەمین

# ئاستی تەکنیک لە چیرۆکی کوردیدا

## پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەینی ١٩٩١

کاتێک لاپەرەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی، هەڵئەدەینەوە. بەتایبەت لاپەڕەکانی چیرۆکی. دەیەی هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو. دەبێ زۆر بەئەمانەتەوە زۆریش بەئەکادیمییانە ئاماژەی بۆ بکەین. کە چیرۆکی هونەری کوردی لە چ ئاستێکدا بووە. لە نێو چوارچێوەی پڕ لە ئیستاتیک و ئەزموونگەری تەکنیکدا.

چیرۆک ژانرێکی دەسبالا و دەسنیشانکراوە لە بواری ئەدەبیدا. لە هەمان کاتیشدا لقێکی سەرەکییە وەک شیعر و ڕۆمان و داستان و نۆڤلێت و وەرگێڕان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بەشێکی زۆری نووسەران ئاماژە بۆ ئەو دەکەن. دەڵێن ئەگەر چیرۆک نەبوایە ڕۆمان لە دایک نەدەبوو. ئەگەر لە دایکیش بووبووایە بەنەوەکامی چاوی هەڵدەهێنا. بەشێکی تری لێزان و پسپۆڕانی ئەدەب دەڵێن: ئەدەب بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی واقعە. لە هەمان کاتیشدا یەکێ لە تێزە ئەدەبییەکان ئاماژە بۆ ئەو دەکا کە ئەدەب واقع دروست دەکا بەهەر حاڵ ئەمەوێ لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکێک بخەمە سەر چۆنێتی تەکنیکی چیرۆکی کوردی لە دەیەی هەشتاکانی پێش ڕاپەڕین و دەیەی نەوەتەکانی پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی سەدەی ڕابردوو. لەو زەمەندا چیرۆکنووسانمان دووبەش بوون. بەتایبەت پاش ڕاپەرین. بەشێکیان دوور لە سانسۆر و چاودێری. قەڵەمەکانیان خستبووە کار لە کوردستانی ئازاددا. بەشەکەی تریان لە ژێر خێوەتی ڕەشی دەسەڵاتێکی

بۆگەندا خزمەتی ئەدەبی کوردییان دەکرد. سانسۆر و ترس. لەمپەرێک و ئاستەنگێک بوو لە ڕێگەی داهێنان و بڵاوکردنەوەدا. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چیرۆک هەنگاوێک و تەکنیکدا. چیرۆکنووسان لەو قاوغە کۆنەی داڕشتنی چیرۆک هاتنە دەرەوە. ئەمجارە زۆرتر پەنایان دەبردە بەر خەیاڵبازی و فەنتازیا و سەمبول و ئەدەبی نامەئلوف.

کۆمەڵی مەرج هەیە چیرۆکنووس ناچارە پابەندبێ پێیەوە لەوانە:

گێڕانەوە. لە واقعدا گێرانەوە مەرجێکی سەرەکییە لە داڕشتنی چیرۆکدا لە هەمان کاتیشدا بەشێکی گرنگە لە تەکنیک. گەربێت و چاوێک بگێڕین بەتەکنیکی چیرۆکی ساڵانی پەنجاکان و هەتا دەگاتە تەکنیکی چیرۆکی هەفتاکان یەکسەر خوێنەر هەست دەکا بەجیاوازییەکی زۆر لە شێوازی پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین، هەنگاوی باشیان بڕیوە بەرە و تازەگەری و نوێباوی گەربێت و تەواوی سەرنجی شێوازی گێرانەوەی چیرۆکی ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بدەینەوە تەماشا دەکەین گێڕەرەوە لەو حیقبە زەمەنییەدا ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە بەتەکنیکێکی مەتەڵ ئامێز نووسراون بەهیچ شێوەیەک نویخوازی تازەگەری لە شێوازی گێرانەوەکەدا بەدی ناکرێ ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ شێوازی گێراونەوەی ئێستادا. چیرۆکنووسی بەتوانا و بەسەلیقەی ئێستا هەوڵی ئەوە ئەدا گێڕەوەوەکەی بەزمانێکی سەرەنج ڕاکێشەر و تەکنیکێکی تازە بدوێنی. ئەو بڕگە و ڕستانەی کە لە داڕشتنی چیرۆکی ئەمڕۆدا بەکار دەهێنرێ پڕن لە فەنتازیا و خەیاڵبازی و شتی نا مەئلوف. لەم بوارە ئەدەبییەشدا هەر چەندێک نووسەرەکە لێزان و ڕۆشفکربێ کاریگەرییەکی زۆرتری دەبێ بەسەر گێڕەرەوەی چیرۆکەکەدا، وتاری ڕاوی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەجێهێڵانی ناوەڕۆکی دەق بەلای خۆێنەرەوە.

لێرەدا چەند مەرجێک و هۆیەکی تر هەیە ئەبنە هۆی سەرکەوتنی چیرۆک. لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ ز شوێن و ژینگە و کات و جوگرافیا بوونە هاندەرێک بۆ لە دایک بوونی داهێنان و ئیبداع. بۆ نموونە ئەگەر "دبلن" نەبوایە.

جێی خۆی نەدەبوو. گەر کولتوور چەوسانەوەی بەردەوامی کۆلەمبیاییەکانی ئەمریکا لاتینی نەبوایە "مارگیز" نەدەبوو. واتا شوێن و ژینگە و جوگرافیا ئەبنە هاندەرێک بۆ دەرکەوتنی نووسەری بەتوانا و نووسینی سەرەنج ڕاکێشەر.

لێرەدا هەر بۆ مێژوو ئەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم. کە ئەو شوێن و کات و جوگرافیانە و کەرەستانەی دەستی نووسەرانی کورد کەوت. لە هەموو شوێن و ژینگەی دنیا جیاوازتر

بوو. بۆ نموونە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی (ئەنفال) و ژەهر بارانەکەی هەڵەبجەی شەهید و سۆزان کردنی کچە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان و ژەهراویکردنی ڕەزی قەدپاڵ و کانی ئاوەکان و خاپوورکردنی سەرجەم مزگەوت و کەنیسەکان. باشترین کەرەستەبوون بۆ دارشتنی چیرۆکەکانیان، بەڵام بەداخەوە چەند چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێک نەبێ هەوڵی ئەوەیاندا ئەو ڕووداوانە لە چیرۆکەکانیاندا تەوزیف بکەن. ئەویش بەگوێرەی پێویست نەبوو. نەیانتوانی ئەو واقیعە ڕیالیزمیانە بگەیننە جیهانی دەرەوە. لە تەوەرێکی تری ئەم توێژینەوەیەدا ئەمەوێ بەشێوەیەکی واقعی و لۆجیکانە ئاماژە بۆ فاکتەری زمانەوانی بکەم لە بواری هونەری دارشتنی چیرۆکی دەیەیی پێش ڕاپەرین و پاش ڕاپەرین لەم دوودەیەدا چیرۆکنووسی ڕاوی دەدوێنێ بەزمانێکی تازە دوور لەو زمانە کلاسیکییە کۆنەی مەتەڵ ئامێزە. تەماشا دەکەی زمانی شعیری و ڕەوانبێژی زاڵترە بەسەر زمانی سادەدا. لە کاتێکیشدا کە دەڵێم زمانی تازە مەبەستم ئەوە نییە کە نووسەر زمانی بکاتە مەتەڵێک و کەس نەتوانێ هەڵیبێنێ. ئەگەر زمانێک زۆر قورس بوو دەبێتە هۆی پووکانەوەی ئەو دەقە، بەلای خوێنەرەوە. بەڵی من هام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە دەڵێ زمان برِبرِەی پشتی دەقە، لەهەمان کاتیشدا دەڵێم ئەگەر مەرجەکانی تری دارشتنی دەق نەبێ زمان بەتەنیا هیچی پێ ناکرێ. زۆر بەڕاشکاوی و بەئەمانەتەوە دەڵێم نوێخوازی نوێباوی لە تەکنیکی چیرۆک ئێستادا بەدی دەکرێ. هەر چەندێکیش بەشێک لە چیرۆکنووسانی پێش هەشتاکانیش تاوەکو نهۆ بەردەوام چیرۆک دەنووسن، بەڵام پابەندن بەسێکوچکانەکەی مۆپاسانەوە واتا "پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایی" لە هەمان کاتیشدا تازەگەری لە دەقەکانیاندا بەدی دەکرێ. لە چەمکێکی تری پڕ تازەگەری چیرۆکی ئەمڕۆدا دەبێ ئاماژە بۆ ڕەمزییەت و سەمبول و جەڤەنگ بکرێ لە دارشتنی چیرۆکدا. لە نێو هەموو وڵاتێک و نەتەوەیەکدا دەسەڵات ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بوارەکانی ژیاندا. بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیدا. تەماشا دەکەی ئەگەر دەسەڵاتێک ئیمانی بەئازادی فکر نەبێ. سانسۆر دەکاتە فاکتەرێکی سەرەکی و بەردەوام بۆ لە دایک نەبوونی داهێنان و ئیبداع بەکاری دێنێ. وەک نووسەرێک کە ماوەیە کە لە بواری چیرۆکنووسیدا کاردەکەم چەندەها نووسەر هەن لە لایەن دەسەڵاتەوە بانگێش کراوون دەربارەی ئەو دەقانەی بڵاوی دەکەنەوە. تۆمەتی توندڕەوی و ڕەشبینییان دراوەتە پاڵ زۆر جار تەماشا دەکەی ژینگەی پڕ لە تاوان کە دەسەڵاتەکەی بەزمانی فیشەک و خوێن و خەنجەر لەگەڵ ڕۆشنبیر و نووسەرانیدا تەعاموول دەکا. ئەوا ئەو ژینگەیە دەبێتە مەئوای خاوەن قەڵەم، بەڵام ئەو خاوەن قەڵەمە ناتوانێ بەشێوەیەکی پڕ لە داهێنان زادەی مێشکی

بخاته کار ناچار پەنا دەباتە بەر سەمبوڵ لە دارشتنی دەقەکانیدا.

لێردا نامەوێ بچینە خانەی خۆهەڵکێشان ئیقلیمچێتی، بەشێک لە نووسەرانی کەرکووک و خورماتوو هەر چەندێک پەنایان بردبووە بەر رەمزییەت و سومبولی لە دەقەکانیاندا. بەڵام بەهۆی سانسۆرێکی نا رەواوە دەقەکانیان بڵاو نە دەکرانەوە. ئەو نووسەرانە ناچار دەبوون ئەو دەقانە لە هەرێمە رزگار کراوەکانی کوردستاندا بڵاو بکەنەوە. هەر بۆ مێژوویش دەڵێم ئەو دەقانە لە زۆربەی ئەرشیفەکانی ئەو نووسەرانەدا هەتاکو ئێستا پارێزاون.

لە چیرۆکی دەیەی پاش راپەریندا زۆر جار تەماشا دەکەی نووسەر دوور لە رێبازەکەی مۆپاسان. سەرەتای چیرۆکەکەی بەدیالۆگ دەست پێدەکا. جار جارێکیش لە جێگەی ناوی پاڵەوان راناوی تاک بەکار دێنێ وەک (من – تۆ – ئەو)

زۆر جاریش گێرەرەوە پاڵەوان بەتەوژمی هۆش دەدوێنێ و بەفلاش باک دەیگێریتەوە بۆ رووداوە بەجێماوەکان. ئەمانەی کە باسمان لێکردن چمکێک بوو لە جیهانی تازەگەری و نوێخوازی لە مێژووی چیرۆکی دەیەی هەشتاکانی پێش راپەرین و دەیەی نەوەتەکانی پاش راپەرین. لێرەدا بەهۆی مەترسی دەسەڵاتی دابرانی چیرۆکنووسانی ئەم دیوو ئەو دیوو ناتوانم چیرۆکنووسانی ساڵانی نەوەتەکانی کوردستانی ئازاد پۆلێن کەم تەنیا چیرۆکی ئەم نووسەرانە بەرچاووم کەوتوونە و خوێندوومنەتەوە. (ئاکۆ کەریم. تەتا محەمەد. سیامەند هادی. نەجیبە ئەحمەد)، بەڵام ئەوانەی ئەم دیوو. واتا ئەوانەی لە ژێر دەستی رژێمی رابردوودا زۆرتر لە بواری چیرۆکدا کاریان دەکرد بەچیرۆکنووس ناوزەند کرابوون (ئیسماعیل رۆژبەیانی خوالێخۆش بوو. جەلیل محەمەد شەریف. سالار ئیسماعیل سەمین. نەجیب گەرمیانی فوئاد مەحموود. فەیسەڵ هەمەوەندی. سەمەد ئەحمەد. بەکر دەروێش. حەمە سەعید زەنگنە. سابیر شاکیر مەلوول و زاهیر زەنگنە. دوو برای چیرۆکنووسی بەتوانا کە لەو حیقبە زەمەنییەدا چیرۆکنووس سەلاح زەنگنە و مامۆستا جەماڵ نووری.

ئێستاش لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بۆ چیرۆکێکی پێش راپەرینی جەلیل محەمەد شەریف و چیرۆکێکی پاش راپەرینی بەکر دەورێش دەکەم.

**"چیرۆکی ئاوات"**

نووسەر جەلیل محەمەد شەریف وەک چیرۆکنووسێک لە کۆتایی شەستەکانەوە دەستی داوەتە چیرۆکنووسین، بەڵام بۆ ماوەی پازدە ساڵ راوەستاوە. دووبارە لە ناوەراستی هەشتاکانەوە جارێکی ترهاتووەتە گۆرپانەکەوە.

ئێستاش وەک چیرۆکی دەیەی هەشتاکان چیرۆکی ئاوات هەڵدەسەنگێنین لە بواری

تەکنیکدا.

"ئاستی تەکنیک لە چیرۆکی ئاوات" دا

لەم چیرۆکەدا لە دەسپێکەوە هەتا نیوەی دەقەکە. گێڕەرەوە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بەراناوی (ئەو)ی تاکە کەس دەربارەی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەدوێ. هەر لە دەسپێکەکەدا وەسفی شوێنی لە دایکبوونی چیرۆکەکە دەکا. هەر چەندێکیش شوێن مەرجێکە لە مەرجەکانی بونیاتنانی چیرۆک، بەڵام زۆر جاریش شوێن بەلای نووسەرەوە ونە، وەلێ خوێنەری بەتوانا و بەسەلیقە. پاش هەزم کردنی ناوەرۆک و بەرجەستە بوونی کەش و هەوای چیرۆکەکە زۆر بەجوانی ئەتوانێ شوێن و کاتی چیرۆکەکە دیاری بکات.

ئەم چیرۆکە لە سەر شێوازی گێڕانەوە داڕێژراوە، بەڵام کاتێک لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەبیتەوە ناوەرۆکت بەلاوە گەلاڵە دەبێ و هەست دەکەی چیرۆکنووس بەشێوەیەکی وەسایانە. بەماندووبونێکی پراکتیکانە نەیهێلاوە سستی و لاوازی لە گێڕانەوەکدا بەدی بکرێ. هەر چەندێکیش گێڕانەوە کە سادەیی و ئاسایی پێوەدیارە. لێرەدا ئەوە دەڵێم چیرۆکنووسانی دەیەی هەشتاکانی پێش ڕاپەڕین هەوڵی ئەوەیان داوە شێوازی داڕشتنی چیرۆک لە قاوغە کۆنەکەی ساڵانی شەستەکان و هەفتاکان ڕزگاربکەن. لەهەمان کاتیشدا چیرۆکنووسانی هەشتاکان سەرقاڵی ئەوە بوونە. هەنگاوەکانیان چڕتر بکەنەوە. بەرەو داهێنان، تازەگەری و نوێخوازی، بەڵام بەشێک لە چیرۆکنووسانی هەمان حیقبە زەمەنییە تاکو نەهۆ بەردەوامن لە گێڕانەوە سەردییە تەقلیدییەکەی دوور لە تازەگەری.

پاش وەسفی شوێن و شێوازی گێڕانەوە و توانای گێڕەوەوە. نووسەر توخمی دیالۆگی کردووەتە چمکێکی تری چیرۆکەکەی تەماشاکە لێردا دەڵێ:

دایە ئەم کاغەزە ڕەشە چییە...؟

- ڕۆڵە ئەم کاغەزە ڕەشە زماندارە. لەکاتی پێویست دێتە قسە. بۆیە هەڵمگردووە.

- چۆن...؟ ئێ کاغەز چۆن قسە دەکا.

- با. زۆریشت لەکات و سەعاتی خویدا قسە.

لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم لەکاتی شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقە چیرۆکەکانی دەیەی پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین. هەست دەکەی چیرۆکنووس لە زۆر چەمکی چیرۆکێکدا. پەنا دەباتە بەر تەکنیکی دیالۆک. کە ئەویش زۆرجار دەبێتە مەرجێک و توخمێک لە داڕشتنی چیرۆکدا. چیرۆکنووس مامۆستا جەلیل بەشێوەیەکی زۆر جوان. کەسانی نێو

چیرۆکەکەی بەدیالۆکێکی سەرەنج ڕاکێشەر دەدوێنێ. لەم چیرۆکەدا هەست دەکەم چیرۆکنووس هەنگاوێکی چاکی ناو لە تێهەڵکێشانی تەکنیکدا. گەربێت و بەتەواوی سەرنجی چۆنێتی تەکنیک و ئاستی بەرەوپێشچونی بدەین. یەکسەر هەست دەکەین. چیرۆکنووسانی هەشتاکان هەوڵی پوکاندنەوە و فەرامۆشکردنی ڕێبازە کلاسیکیە کۆنەکەیانداوە لە داڕشتنی چیرۆکدا. هەرچەندێکیش چیرۆکنووسانی پەنجاکان و شەستەکانیش دیالۆگیان لە داڕشتنی چیرۆکدا. بەکارهێناوە. بەڵام شێوازی تازەگەری واتا حداثە بەدیناکرێ لە تەکنیکدا. لە توخمێکی تری چیرۆکی "ئاوات"ی چیرۆکنووس مامۆستا جەلیلدا سەمبول و ڕەمز بەدی دەکرێ. لە نێو ئەو ڕستانەدا کە ئاوات لەگەڵ دایکیدا دەدوێ. تەماشاکە لێرەدا دایکی ئاوات دەڵێ:

(ئەی ئەو ڕۆژە گوێمان لە مامۆستای مزگەوتەکە نەبوو. دەنگی گەیشتە لامان و گوتی. هەتا ڕۆژی دی دەست و قاچیش دێنە قسە و شایەتی دەدەن) لێرەدا و تەکەی دایکی ئاوات سەمبول و ڕەمزە. بەڵام ڕەمزێکی شاراوەیە دوریتیە خوێنەر پەی بەوە نەبا کە مەبەستی دایکی ئاوات چییە. دوریش نییە مەبەستی لەو کاغەزە ڕشە بێ کە لە سەنوقی بوکێنێکەیدا شاردرابووبووە. لێرەدا شاردنەوەی ئەو کاغەزە ڕەشە دەبێتە هۆی بیرکردنەوەی یەکی قوڵ بەلای خوێنەرەوە. دوور نییە شاردنەوەی ئەو پارچە کاغەز لوغزێک و مەغزایەکی شاراوەی هەبێ ئەو بەشەیش لە تەکنیکنیکی دەیەی هەشتاکانی پێش ڕاپەڕین چمکێکە لە تازەگەری و نوێخوازی.

لە تەوەرێکی تری چیرۆکەکەدا. نووسەر بەشێوەیەکی وەسایانە و سەرەنج ڕاکێشەرانە گێڕەوەی چیرۆکەکەی دەدوێنی دەربارەی پاڵەوانەکەی و دەڵێ "کچی دایە... دایە خنکام... دایە خنکام" لێرەدا راوی ئاماژە بۆ خەیاڵبازی پاڵەوان دەکا. زۆر خەیاڵبازییەکی لە واقیعەوەیە. جارجارێکیش پەنا دەبا بۆ واقعێکی نا مەئلوف. لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ پاڵەوان دەکا چۆن دەبێتە ژێر لافاوی ئەستێرەکانەوە. لە واقعیشدا لە هیچ کات و زەمانێکدا لافاوی ئەستێرە ڕوینەداوە لە ئاسمانەوە شەپۆل بدا و ئەوەی لە بەردەمیدا بێ ڕایماڵێ. تەنیا لە واقعی خەیاڵبازی و فەنتازیادا نەبێ. لە کۆتایی هەڵسەنگاندی بەشی تەکنیک لە چیرۆکی ئاواتدا بەباشی سەنعەتی تەکنیک بەدی دەکرێ.

«چیرۆکی قوتابخانە"

بەکر دەروێش یەکێ لەو قەڵەمانەیە کە توانی پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ لە بواری چیرۆکنووسیدا جێگەی خۆی بکاتەوە. لە نێو گرووپی چیرۆکنووسانی ئەو زەمەنەدا.

هەتاکو ئێستاش بەردەوام هەنگاو دەنێ بەرە و تازەگەری و نوێخوازی لە دارشتنی دەقەکانیدا. لە چیرۆکی قوتابخانەیدا کە لە گۆڤاری رامانی ژمارە "ل" دا لە بەرواری ١٥ی ئابی ٢٠٠٦ بلاوکراوەتەوە. پاش دەقەکە. ئەوانەی بەلامەوە گەلالە بوون دەربارەی تەکنیکی ئەو چیرۆکە. بوون بەهۆی هەلسەنگاندنی بابەتەکە.

سەرەتا لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بەوەسفی شوێنی چیرۆکەکە دەست پێدەکا. کە ئەویش قوتابخانەیەکە و چەند ژوورێکی گردووەتە خۆی و لەگەل باخچەیەکی بچووک و چەند چنارێکدا. دواجاریش ئاماژە بۆ کانێ لە دایکبوونی چیرۆکەکە دەکا کە سەر لە بەیانی بووە. هەر چەندێکیش شوێن و کات بەشێکی تازە بەکار هێندراو نییە لە دارشتنی چیرۆکدا، بەلام زۆرجار چیرۆکنووس دەیکاتە دەسپێکی چیرۆکەکەی. لەم چیرۆکەدا یەکسەر دوا بەدوای ئەو دەسپێکە کورتە گێرەرەوە پالەوان چیرۆکەکەی دەخاتە خەیالبازییەکی ناماقول و نا واقعییەوە. لێرەدا پالەوان مامۆستایەکە ناچار دەبێ بەهۆی گڤە گڤی رەشەباکەوە لە ژوورەکەیەوە دێتەدەر تەماشا دەکا دەستێک و کەللە سەرەکەی بەسەر قەرەوێلکەوە بەجێماوە. ئەو کاتەی دێتە دەروە. دەکێشێ بەدارەکەدا. دەس دەبا بۆ سەری تەماشا دەکا سەری دەستێکی نەماوە. کەللە سەرەکەی بالدەگرێتەوە بۆ دیوارەکە و وەک کۆترێکی بێ بال دەکەوێتە خوارەوە. کەللەکەی هەلدەگرێ و دەیخاتەوە شوێنەکەی خۆی. رووناکییەکی بۆ دەگەرێتەوە. تەماشا دەکا قوتابییەکان هەموویان نووستوون. ئەویش لە پشت مێزەکەوە بەچاوێکی خەوالووەوە تەماشا دەکا سەرکە گایەک بەدیوارەکەی دەبینێ. لەم چمکەی ئەم چیرۆکەدا پالەوان پەنای بردووتە بەر ئەدەبێکی نامەئلوف. کە ئەویش فەنتازیایە. ئەم بەشەش زۆرجار لە چیرۆکی تازەگەری ئەمرۆدا بەدی دەکرێ.

لە تەوەرێکی تری چیرۆکەکەدا مامۆستای پالەوان دەکەوێتە گفتوگۆ دیالۆک. لەگەل کەللەسەری گاکەدا دەلێ:

– تۆ چی دەکەی لێرە...؟ دەلێ نام ناسیتەوە. من گابۆرم گابۆر. پالەوانیش لە شوێنەکەی خۆیدا خەو هەرەسی بۆ دێن و دووبارە بەهۆی زەنگۆلەکەی ملییەوە. مامۆستا رادەچەلەکێ و ئەم شیعرە دەخوێنیتەوە. "ئای چەند حەزم لە بینینی پێکەنین و بینینی خەندەی لێوە" چەند حەزم لە بینینی کانیاوی شاخ و رەز و گولالەی دەشت و کێوە.

چەندم حەز لە گول بەهاری سەوزە

لە گەرانی سەر دەریا و لە زەردەی لوتکەی بەرزە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم. کە دیالۆکی نێوان سەرەگاکە و پالەوانەکە

دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی سەرەنج ڕاکێشەر لە تەکنیکی چیرۆکەکە. لە هەمان کاتیشدا نووسەری پاڵەوانەکەی بەمەنەڵوگی ناوەوە واتا (المنلوج الداخلی) کۆپلە شیعرەکە دەخوێنێتەوە. ئەم جۆرە تەکنیکەش خۆی لە خۆیدا زیرەکی خودی نووسەر پیشان دەدا. پاش دەسپێکە کورتەکە. دەتوانم بڵێم نووسەر سەمبولێکی شارەزا (الرمز المخفی) بەکارهێناوە. دووریش نییە خوێنەر لە سەمبولی پاڵەوانەکە تێنەگا. واتا مەبەست لە ناوەڕۆکی دیالۆکە سەمبولێ ئامێزەکەدا ونە لە چمکێکی تری ئەم چیرۆکەدا کاتێک سەربازە پڕ چەکەکان بەشەقامەکەدا تێ دەپەڕن. سەلاو لە مامۆستاکە دەکەن قوتابییەکان نووستبوون مامۆستای پاڵەوان نووسیبووی.

"پۆلی سەربازی وون-پۆلی باڵندەی کشراو" هەتا ئێرە قوتابییەکان هەر نووستبوون. کاتێک هەتا لە کلاو ڕۆژانەکە دێتە ژوورەوە. لەگەڵ قوتابییەکاندا دەنوێ. مامۆستا بەمێشکی خۆی بەتەمای هەتاو و خۆرێکی نوێیە تەماشا دەکا ئەویش نووستووە. کاتێک سەربازەکان بەشەقامەکەدا دەگەڕێتەوە مامۆستا لە پەنجەرەکەوە تەماشایان دەکا دەڵێ:

"ئای چەندە ڕقم لە ڕەنگی ڕەش و تەقەی تفەنگە لە دیمەنی جەستەی برژاوی نێو کوڕەی جەنگە"

بەهۆی ئەم شیعرانەوە پاڵەوان توانی کاریگەرییەک بخاتە سەر ئەو سەربازانە کە بەشەقامەکەدا تێپەڕ دەبن.

زۆر بەباشی سەرنجیان ڕادەکێشێ بەرە و بۆچوونەکانی خۆی. لەکۆتایی چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە. کە ئەمپۆلانەکان دێنە بەر دەرگای قوتابخانەکە و چەند بەرگ سپییەک بەعارەبانەکانی دەستیان دێنە خوارەوە و دوا جاریش چەند قوتابییەک دەخەنە نێو ئەمپۆلانەکانیانەوە و دەیانبەن دوا بەدوای ڕووداوەکەش خوێنێکی ڕەش لە ژوورەکەوە ڕێچکە دەبەستێ و دێتە دەرەوە. مامۆستایەکی بێ سەر و دووستیش وانە بۆ تەختەی بەتاڵ و سەرکە گایەک دەڵێتەوە. لێردا ئەتوانم بڵێم نووسەر زۆر زیرەکە کە توانیویەتی بەهێما و سەمبولێ کوزارش لە ڕۆژگارێک بکا. کە زمانی فیشەک و خوێن دەسبالاترە بەسەر زمانی دیالۆک و حیوار و گفتوگۆ. لە کۆتایی هەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکەی دەیەی پاش ڕاپەڕین. بەگشتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ. کە لەتەک چیرۆکەدا. زمانی سەمبولێ و جەفەنگ زاڵترە بەسەر زمانی داڕشتنی چیرۆکەکەدا، بەلام بەشێوەیەکی گشتی تازەگەری و نوێباوی لە تەکنیکی چیرۆکەکەدا بەدی دەکرێ.